

# یاداشتەکانم 6

لەتیف هەڵمەت

● ئـەو کـات‌و دەمـە لـە کفریـدا شۆڕشـگێڕێتی‌و ئاژاوەگێڕێتی تێکەڵ ببـوون‌و لـەبیرمـە چێشـتەنگاوێك کۆمەڵێ زەلام کە کەسیانم نەدەناسی، پیاوێکیـان لـە ئۆتـۆمبێلێکی جیبـدا هێنـاو بـەپاڵ‌و پەلڕاکێشـان‌و سیخورمەلێدان‌و جوێنپێدان لە ئۆتۆمبێلەکـە هێنایانـە خـوارەوەو ئـیتر دەسـبەجێ پـەتێکیان لـە سـەربانی ئوتێلەکـەی خوالێخۆشـبوو (حـاجی ڕەوف)ەوە، شۆڕکردەوەو خەریکبوو هەر لەوێدا ملـی بکـەن بـە ئەڵقەی گوریسەکەوەو بیخنکێنن.. باش بـوو هەنـدێ لـــە پیـــاوانی دەستڕۆیشـــتووی بـــازاڕی کفری رزگاریان کرد..

مـن لـەو تەمەنەشـدا هـەر بەخۆڕسـك رقـم لـە زەبـروزەنگ بـوو، رقـم لـە نـاوی دەرەبـەگ بـوو، بەبێئەوەی بزانم دەرەبەگ کێیەو چییە، بـەڵام حـەزم نەکردو زۆرم پێ ناخۆش بوو بەناوی شۆڕشـگێڕییەوە بەوشێوە دڕندانەیە لەگـەڵ مرۆڤێکـدا رەفتاربکرێـت، با تاوانباریش بێ، چونکە یاسـا هـەبوو، باشـتر وابـوو بدرێ بە یاساو بەسـزای رەوای خـۆی بگـەیـەنێ نـەك خوێڕی‌و دەسـتبەتاڵی بـازاڕ بـەناوی شۆڕشـگێڕییەوە سوکایەتی پێبکەن.

ئـەم بارودۆخـەی شـاری کفـری‌و ئـەم ئـەزمون‌و رووداوو بەسـەرهاتە ئەفسـوناوی‌و ئەفسـانەییەی کـە تیایدا ژیام کاریگـەرێتی زۆریـان هـەبوو لەسـەر بـیرو بیرکردنەوەو گۆڕانکارییە خێراکانی هەست‌و نەستم‌و دواتریش بەجۆرێك لـە جۆرەکان کاریگەرییان لەسـەر ئاستی رۆشنبیری‌و یاخیبوون‌و رەوتی شیعری‌و هەندێ لە بوارەکانی ژیانم هەبوو.

دەبێ ئەوە بێنمەوە یاد کە لەناو ئەو هـەراو زەنـاو ئاهەنگانـەی سـەرەتاکانی شۆڕشـی 14ی گەلاوێـژی 1958دا کەس نەیدەزانی رەوتی شۆڕش بەرەو کـوێ دەڕواو چارەنووسـی گـەلانی عێـراق چـۆن دەبـێ‌و لەلایەکی تریشەوە ئیمپریالیزم‌و زایـۆنیزمی جیهـانی‌و کلکـەکانیان لـە مـەکۆدا بـوون دژی خواسـتەکانی گـەلانی عێـراق‌و ئـەوەبوو لـە 14ی گەلاوێـژی 1959دا کە بەهەر هۆیەك‌و هانەهانەیەکـەوە بووبـێ لـە کەرکوکـدا لەلایـەن هەنـدێ تـاقم‌و گروپـەوە کوشتارێك دژی تورکمانەکانی کـەرکوك کـراو ئـیتر هەر لەو رۆژانەدا بوو لە کفری کوردەکان ورووژان‌و خـەریك بـوو کوشـتارێکی لـەوجۆرە لـە دژی تورکمانـەکانی کفـری بەرپابکـەن بەتایبـەتی دوای ئـەوەی کـە چـەند تورکمـانێکی تـۆرانی داخ لـەدڵ توانیبوویان بە فرتـوفێڵ‌و پیلانبـازی، خوالێخۆشـبووو شەهیدی رێگای گـەل‌و نیشـتیمان، ئەحمـەدی حـاجی سەمین بە خەنجەر بریندار بکەن.. شایانی باسە شـەهید ئەحمەدی حاجی سەمین یەکێك بوو لـە کـوردە هـەرە ئازاکانی ناوچەی گەرمیان‌و وەکو شێری ئەو ناوچەیە وابوو، هەروەکو باسدەکرا لە سەردەمی پاشایەتیشـدا ئـازاو قارەمـان بـووەو دەسـەڵاتدارانی رەسمـی‌و هـەر هەموو تورکمانـەکانی ناوچـەکە سـڵیان لێکـردووەو لێیترساون‌و لەو سەردەمەی منـداڵیتی منـدا باسـی – ئەحمەدی حاجی سەمین– وەکو پاڵەوانێکی ئەفسـانەیی دەکراو لە کات‌و دەمی کۆماریشـدا هـەر ئـەو نـاوە ئەفسانەییەی مایەوەو لە ئەنجامدا لە شۆڕشی ئەیلولـدا لە رووبەڕووبوونەوەی فڕۆکـەدا لـە ناوچـەی خـانی رۆسـتەم ئاغـا بـە گوللـەی دۆشـکەی نـاو فڕۆکـە شەهیدکرا..

بەهەرحاڵ لەدوای ئەو ورووژانەی کـوردی کفـری لـە دژی تورکمانـەکانی شـارەکە.. شـار گـرژی‌و ئـاڵۆزی تێکـەوت‌و بـە فیـك‌و فـاکی هەنـدێ لـە دەسەڵاتدارانی کفری کە یەکێکیان مـاڵی بەرامبـەری ماڵی ئێمە بوو، ئەفسەری دەزگـای تەجنیـدی کفـری بوو، هـەروەها ئەفسـەری پۆلیسـی کفـری تورکمـان بوو..هتد، بەفیك و فاکی ئەوانەو کەسانی تورکمـانی دی سوپایەك هاتە کفری‌و نیشتەجێ بوو.. پـاش یـەك دوو رۆژ کەوتنە پشکنینی ماڵان‌و یەکەم ماڵ کە بـەر پشـکنین کـەوت، مـاڵی ئێمـە بـوو.. لـەبیرمـە چێشتەنگاوێك ئەفسەرێك‌و چەند سەربازێك دایان لە دەرگاکەمان‌و ئەفسەرەکە مۆڵەتی پشـکنینی ماڵمـانی لە باوکم خواست‌و، یەکـەم ژوور کـە بـەر پشـکنین کەوت تەکێکەمان بوو، کە پڕبوو لە قورئانی پـیرۆزو راڤـەی سـوورەتەکان‌و فـەرموودەکانی پێغەمبـەری مەزن‌و سـەدەها کتێبـی ئـایینی دی‌و چـەند دەقێـك‌و ...هتد؛ ئەفسەرەکە شـەرم گرتـی‌و گـوتی: ئێمـەیان فریوداوەو وتویانە پازدە بیست زەلامی چەکبەدەسـت لە رۆژی ورووژانی کوردەکاندا دژی تورکمانـەکانی کفری لـەم ماڵـەدا بـوون‌و مـن داوای لێبـوردن لـە جەنابت دەکەم‌و کارێکی ناپەسەندم کـردووەو دەبـێ دۆعای خێرم بۆ بکەی‌و نیگەران نەبی لێم.. باوکم بە ئەفسەرەکەی گـوت کـێ ئـەم هەواڵـەی دا بـە تـۆ، ئەفسەرەکە گوتی من ئەمەندە شەرمەزار بووم، ناچارم بڵێم کێیە.. ئەزانی کێیە؟.. دراوسێی خۆتە، ئەفسەری دەزگای تەجنیدی کفرییە.. ئـیتر ئەفسـەرەکە دەسـتی بەسنگەوە گرت بۆ بـاوکم کـە بـەرگێکی شـێخانەی نوورانی لەبەردابوو، پێیگوت: یاشێخ تکایە لە دۆعای خێر بێبەشمان نەکەیت.. لەڕاستیشدا ئەو هەواڵەی کە ئەفسـەرە تورکمانەکـەی تەجنیـد گەیانـدبووی بەئەفسـەری سـوپاکە هـەتاوەکو رادەیـەکی زۆر بەشـێوەیەك لەشـێوەکان راسـتبوو، چـونکە رۆژی ورووژانی کوردەکانی کفری دژی تورکمانـەکان کـە ئەحمەدی حاجی سەمینی تیادا برینداربوو، چـوار پێـنج خوشـکەزای بـاوکم‌و هەشـت نـۆ پیـاوو لاوی

دراوسێیانو حەوت هەشت دەروێشێك بە کوتەكو پاچو بێڵو تێلاو گالۆكو خەنجەرو زەرگو کلکە خاکەنازەوە لەدوای تەواوبوونی وروژانەکە هەموویان بەماندوێتیو شەکەتی خۆیان کرد بەماڵی ئێمەدا بۆئەوەی چەند چایەك بخۆنەوەو هەرچیش خوا کردبێتی بەنسیبیان، لە تەکێکەدا بیخۆن، چونکە ئەو رۆژە لە کفریدا دوکانو بازاڕو چاخانەو..هتد نەبوو؛ ئەوانیش ماڵیان دووربوو، لە گەڕەکێکی دوورە شار بوو، پێیاندەوت -ئەوبەری-، ئیتر بەناچاری ماڵی ئێمەیان بەو حاڵەوە بەیاد کردبووەوە.. باوکیشم زۆر سەرزەنشتی کردنو پێیگوتن نەدەبوو ئێوە وابکەنو بەم حاڵەوە بێن بۆ ماڵی من.. باوکم دەسبەجێ دڵی ختورەی ئەوەی کردبوو کە شتێك بەم بۆنەیەوە روودەدات.. وەك بزانم هەر ئەو رۆژە چەند ماڵێکی کوردی تریان پشکنیو نازانم بۆچی بوو ماڵی بەڕێز جەمیلی مستەفا ریژی-یان پشکنی کە لە تورکمانە سەرسەختەکانی کفری بوو، وەکو خۆیان دەیانگوت قەرت تۆرانی بوو.. بەڵام هەموو خەڵکی کفری باش دەیانزانی کە کوردەو مستەفا ریژی باوکی لەو کەسانە بووە کە ئابوونەی بۆ گۆڤاری گەلاوێژ داوە، ئەو گۆڤارەی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی 1939ەوە تاوەکو ساڵی 1949 دەریدەکرد.

هەرچۆنێ بێ بارودۆخی کفری ئاڵۆزبوو، تا ماوەیەك هەندێ کەس ئاڵوویریان لەگەڵ دوکانداری تورکمانی کفریدا نەدەکردو من خۆم هاوڕێیەکم هات بۆ لام و پێیگوتم نابێ ئیتر لەلای عەباسی دەلاك سەرت بتاشی، چونکە تورکمانە؛ بەڵام ئەوەی راستی بێ تورکمان نەبوو، کاکەیی بوو، کاکەیی دیکەش هەبوو لە کفریدا

بەتورکمانی دەدوان.. بەڵام من بەقسەی برادەرەکەمم کردو تا ماوەیەك سەرم لەلای نەتاشیو دەچووم لەلای سەرتاشێکی کورد دەمتاشی کە بەڕاستی کاری سەرتاشی نەدەزانیو دیاربوو کە وەستا نەبوو، منیش ئەو دەمە سەرم وەکو ئێستا نەڕووتابووەوەو قژم زۆربوو، تولەك ببووم وحەزم لە کەشخەییو قژجوانکردن دەکردو ئیتر پاش ماوەیەك رقو کینەی دڵان بنی نایەوەو ئەو بەندو باوانە لەبیرچوونەوەو بەئارەزووی خۆمان بوو سەر لە هەرکوێ بتاشین..

دەبێ ئەوەش بڵێم شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ بڵێسەی مەشخەڵی کوردایەتی بەجۆرێکی وا گەشاندەوە کوردی شاری کفری کە بەهەر هۆیەکەوە بووبێ ستەمدیدەیی نەتەوەییان چەشتبوو، لەبەرئەوە دەیانویست بەهەر شێوەیەك بێ وەکو زۆرینەیەك لە شارەکەدا بوونی خۆیان بسەلمێنو بۆ ئەو مەبەستەش ناوی کوردی لە هەندێ شوێن نرا، هەر بۆ نموونە ئەحمەدی حاجی سەمین چاخانەکەی خۆی ناونا (گازینۆی کوردستان)و عەبە ئامەش بەپێچەوانەی وەستا بیناسازەکانی دی کفرییەوە کە لە کاتی خانوو دروستکردندا دەیانگوت: (داش.. کیراج)، ئەو دەیگوت: (بەرد.. گەچ)؛ هەروەها لە قوتابخانەکانی کفریدا بەیانی باشو هەڵسنو دانیشن، لە کاتی هاتنەژوورەوەی مامۆستاداو راڤەو لێکدانەوەی وانەکانیش هەر هەموو بەعەرەبیو تورکمانی بوو.. هەر لەبیرمە وابزانم پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، رۆژێ لە رۆژانی ساڵی 1959 بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا ئیبراهیم هاتە پۆلەوەو بەکوردی گوتی: بەیانیتان باش، ئێمە نەمانزانی چی وەڵام بدەینەوە، بەڵام ئەو گوتی کە من بەیانیان دێمە پۆلەوە پێتاندەڵێم بەیانیتان باش، ئێوەش بڵێن بەیانیت باش.. ژیانت باش؛ ئەنجا بەچاودێری پۆلەکەی گوت کە دێمە ژوورەوە تۆ بەقوتابییەکان بڵێ هەڵسن.. منیش پێتاندەڵێم.. دانیشنو ئیتر لە وانەی مندا هیچ چاودێرێك نەڵێ (قیام/جلوس).

هەروەها لەو ساڵانەدا لە شاری کفری تەلەفزیۆنی بەغدا وەردەگیرا، چونکە کفری نزیکە لە بەغداوەو ئیتر بەرنامەو گۆرانیو دیمەنەکانی تەلەفزیۆنو رادیۆی عەرەبی بەغداو رادیۆی کوردی بەغداو هەندێ گۆرانی ئەو سەردەمە وەکو گۆرانی "ئەرێ لەیلێ"ی هونەرمەندی گەورە شەماڵ سائیبو گۆرانی "شەرتە تا رۆژی حەشر"ی مەقامبێژی داهێنەرو گەورە عەلی مەردانو بەیتو بالۆرەو گۆرانی ئەو شاییو شیوەنانەی کە بەڕێکەوت دەمبینین کاریگەرییان بەشێوەیەك لە شێوەکان لەسەر رەوتی ئەوسای رۆشنبیریم هەبوو، هەر بۆ نموونە وابزانم لە ساڵی 1959 یاخود ساڵی 1960دا بوو شەش حەوت ئوتۆمبێل بەر لافاوی چەمەکەی (قوڕی چایی) کەوتنو دە دوازدە کەسیان تیادا خنکانو هەندێ لە تەرمی ئەو شەهیدانەیان لە مزگەوتەکانی کفریدا شۆریو کفنیان کرد، یەکێ لەوانە لاوێکی خەڵکی سلێمانی بوو، ناوی (بەکر) بوو، خەڵکی کفری لە پێش هەموویانەوە سابیر سەڵتە زەرد، تەرمەکەیان گەیاندە مزگەوتی سەر چەمەکەو دوای شۆردنو کفنکردنی کەسوکارەکەیو براکانی کە لە سلێمانییەوە هاتبوون بەشێوەیەکی شاعیرانەو بە کۆمەڵێ وشەی نوێو زمانێکی تێروتەسەل سوپاسی دانیشتووانی کفرییان کردو شیوەنێکی گەرموگوڕیان بۆ (بەکر) کردو لە شیوەنەکەدا گەلێ شیعری خەماویو لاوانەوەیان بەبالایدا گوت کە بەلای منەوە وشەگەلێکی نوێ بوون، ئەوەندە بەسۆز بوون جگە لەوەی کە خۆم گریام، گەلێ کەسی دیش لەوێدا گریان..

هەر لەو ساڵانەدا، واتا کۆتایی پەنجاکانو سەرەتای شەستەکان، ماڵی بەڕێز شێخ موکەڕەم تاڵەبانی نزیکی ماڵمان بوو کە جارجار لە ماڵ دەهاتە دەرەوە، هەندێ منداڵ دەیانگوت ئەم پیاوە شیوعییەو لە وەختی نوری سەعیددا بەندکراوەو لە بەندیخانە نینۆکەکانیان دەرهێناوەو ئەو سەردەمە وشەی شیوعی بەلای منەوە یەکسانیو یەکمافیو برایەتیو ئاشتیو گەلێ بەهای پیرۆزی دەگەیاند.

لەبەرئەوە زۆرجار هەوڵمدەدا سەیری پەنجەکانی بەڕێز کاك شێخ موکەڕەم تاڵەبانی بکەم، بزانم نینۆکی هەیە یان نییەتی..

دیسانەوە هەر لەو ساڵانەدا؛ باوکم زۆر جار لەگەڵ خۆیدا بۆ بەغداو ئیمام موسای کازمو شاری کەربەلای پیرۆزی دەبردمو لەوێ لە کتێبخانەکانی بازاڕی دەوری ئیمام موساو کتێبخانەکانی کەربەلا، کتێبی ئایینی فارسیو عەرەبی دەکڕیو زۆرجار بەفارسی لەگەڵ دوکاندارەکاندا گفتوگۆی دەکردو شیعری فارسییان بۆ یەکدی دەخوێندەوە.. شیعری خۆشەویستی ئیمامی عەلیو ئیمامی حەسەنو حوسێنو شەهیدانی دەشتی کەربەلاو باوکم دەیگوت ئەم دوکاندارانە هەموویان فارسن، عەرەبیان کەم تیایە، بۆیە بەفارسی قسەیان لەگەڵ دەکەم.. شایانی باسە باوکم بە کەواو سەڵتەی شێخانەوە بۆ ئەو شارانە دەچوو، ئەوانیش زۆر ریزیان دەگرتو هەندێ جار لە نرخی کتێبەکانیان بۆ دادەشکاند..

ئەم بارودۆخی کتێبکڕینو دیدەنی شارانی گەورەو قەرەباڵخو چوونە ناو کتێبخانەی گەورەوە لە ئیمام موساو کەربەلاو هەروەها گوێگرتن لەو شیعرانەی کە باوکمو هەندێ لە خاوەن کتێبخانەکان بۆ یەکدییان دەخوێندەوەو دیمەنی سەرسوڕهێنەری ئەو بازاڕانە بۆ تەمەنی ئەو سەردەمەی من بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەرییان هەبوو لە پێکهاتەو دەرهاویشتەی زەمینەی رۆشنبیری منداو رەنگە تاڕادەیەك لە نەستی رۆشنبیری ئێستامیشدا رەنگیدابێتەوەو شێوەیەك لەشێوەکانی ئەفسانەو جادووی وەرگرتبێ لە ونگەکانی ناخمداو، من ناتوانم لەو کاریگەرییە ئەفسانەییو رۆحییانە خودی خۆم دەربازکەمو لە زەمینەی رۆشنبیریمدا بنبڕیان بکەمو بەلای منەوە ئەم ئەفسانەو شتگەلە رۆحییانە پزدانێکی ئارامن بۆ لەدایکبوونی دەیان شاکاری وێژەییو هونەریو هونەرمەندانو نووسەران بەبێ ئەو زەمینەیە هەژارن .